

دەریا ڕەواندزی

# بۆباوکـــــم

1

بۆ ئەو مرۆڤەی،
هێندەی هەموو دونیا
خۆشم ویستووە و خۆشم دەوێ
کەچی ئێستا... بەبێ ویستی
ماڵئاوایم لێ دەکا.

2

من دڵنیام...
ئەگەر جێم نەهێلیت
ژیان ڕەنگین تر
ئاسمان شین تر
خەو شیرین تر
دەریا ئارام تر دەبێ.

3

دەزانم کاتێك بەبێ ویستت
چارەنوس یاخەی گرتی،
ویستی تۆ نەبوو
تەنها دەستم بگری و
بە زەردەخەنەیەك
مالئاوایم لێ بکەی.

4

جارێکی تر...
دەستم بگرە
دەستەکانی تۆ...
بەرائەتیان لێ دەتکێ
کەچی ئەمڕۆ...
چارەنوس بەرەو
جەنگت دەبات
دەستم بگرە
گەرنا هیچ شەوێك
چاوەکانم بەبێ تۆ
خەو نایانباتەوە.

5

ئەگەر دەستم بگری و
فرمێسکەکانت بێنە خوار
بینینی هەر فرمێسکێ
لەناخەوە دەمهەژێنێ.

6

گەر دەستم بگری و
جارێکی دەنگی تۆ نەبیستمەوە
بەمناڵی و گەورە بوونم
را نایەم و
دەرگای حەوشەکەمان
هەر بە کراوەیی جێدەهێڵم
نەوەك شەو درەنگانێ
بگەڕێیتەوەو
هێزی هاتنە ژوورەوەت نەبێ.

7

گەر هاتیەوە
جەستەت شەکەت
بێ هەست..بێ رەنگ..بێ دەنگ
هەر خۆم دەبم
بەهێزو تین

هەر خۆم دەبم
بە هەست و رەنگ و دەنگ
هاوار دەکەم
دایکی میهرەبان
جەنگ تەواو بوو
جەستەم سورو
هەستم بریندار
رەنگ بزرکاو
زمانم بێ وشە
جەستەی سڕت توند دەگرم بەخۆم و
پڕ بەدەنگم هاوار دەکەم
تۆ ئەی باوکی مەزنم
ئەو وشە فەلسەفەیەی
هیچ فەیلەسوفێك
ناتوانێ تەفسیری دابڕان و جودایی
تۆ بکات
تۆ ئەو باوکەی هیچ زانایەك
ناتوانێ شوێن پێی تۆ
شیکار بکات
ئەی باوکی میهرەبانم
تۆ ئەو سەربازەی
هیج پاڵەوانێک ناتوانێ
خۆی لە گەڵ تۆ بەراورد بکات.

8

لەوەتەی رۆیشتووی
ماڵێکمان هەیە
لەچۆڵی،
حەوشەیەکمان هەیە
لەتەنیایی
ژوورێکمان هەیە
لەدڵتەنگی
باخێکمان هەیە
لەخەمناکی
گۆرانیەکمان هەیە
لەبێ دەنگی
ئاوازێکمان هەیە
لەتاریکی
ئاسمانێکمان هەیە

بۆ فرمێسك كۆكردنەوە
دنیایەكمان هەیە
بەبێ باوك.

9

ناگەڕێیتەوە...
چاوەڕوانی رژاوەتە
هەموو سوچێكی شار
بەرگی رەش هەموو مرۆڤەكانی داپۆشیوە
خەم، دڵی هەموویانی داگیركردوە
نازانن بۆ...؟
چونكە ( جەنگ، كوشتن، فەنابوون )
هەموو جیهانی تەنیوە
خودایە..
جەنگ شكۆمەندی و بەهاكان و میهرەبانی
تێكشكاندووەو
شارەكانی بێدەنگ كردوەو
ماڵەكانی پڕ لەتەنیایی كردوەو
چاوەكانی بە چاوەڕوانی سپاردوەو
ژیانی مرۆڤی بێ نرخ كردوە.

10

دەبێ لەجەنگ كێ براوە بێ
كاتێك مرۆڤەكان
لەناو دەچن
خاك چ سودێكی هەیە
كە هەموومان بەجێی دەهێڵین
هەموو كات چاوەڕوانین
دەنگی دەرگا بێ و
بزانین كەسەكانمان دەگەڕێنەوە
یان لاشەی سڕیان دێتەوە.

11

باوكم هیچ كات
چارەنوس چەكی پێدا
ئێستاش بەم تەمەنەوە

چاوەڕوانم دەستم بگرێت و
بگەڕێتەوە
دایکم هەر گۆرانیە بێدەنگەکان
بەفرمێسکی چاو دەچڕێ و
باوکم هەر نەگەڕایەوە!.

کـەنـەدا
دەریـا ڕەوانــدزی